# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

## سەرهەڵدانی کوردەکان دژ بە حاشالێکردنی نەتەوەیی و بۆ ئازادی

پێکهاتەی کۆماری تورکەکان لەسەر بناغەی حاشا لێکردن لە بوونی کوردە و، دەوڵەتانی ئێران و ئێراقیش مافی رەوای کوردەکان ژێر پێ دەخەن. ویستی ئیمپریالیستەکان و هێزەکانی دژبە کورد لە دەور و بەری کوردستان دا دەبێتە هۆی تێداچوون و دارمانی ژمارێکی زۆر لە سەرهەڵدانەکانی نەتەوەی کورد، کە لەو سەروبەند و ساڵانەدا دژبە دوژمنانی کورد دەستی پێکردبوو ! دەوڵەتی تورکیە لە ساڵانی 1925 وە هەتا 1940 یەک لە نۆی خەڵکی کورد لەنێودەبا.